# دیسانەوە حككع!!

# (وەڵام بە نامەكەی حەمە سەعید حەسەن)

**عمری خەتات**
omerxatat@laycos.com

( حەمە سەعید حەسەن) لە ٢٠٠٣/٥/١١، نامەیەكت ئاراستەی تایەر حەسەن، سكرتێری ڕێكخراوی كوردستانی حككع كردبوو، ئەویش وەك وەڵام بۆ نامەكەی تایەر كە بۆ كوفی ئەنانی سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكانی ناردبوو سەبارەت بە هەندێ بارودۆخی نێو كەركوك، كەمێك بە بەژنو باڵای نامەكەتدا هاتمە خوارێ، لێكدانەوەی سەیرم تیابینی كە حەزم نەكرد هەروا بێ وەڵام تێپەڕێ.

من گومانم لەوە نیە كە تۆ نامەكەت نەخوێندبێتەوە، بەڵام یان ئەوەتا هەر ئەوەندە لێی حاڵی بووی یان مەبەستتە بەشێوەیەكی تر مانای كەیت.

پێش هەرشتێك نامەكەی تایەر حەسەن بەتەنگەوەهاتنی حیزبێكە بۆ چارەنووسی كۆمەڵگایەك، نامەكەی تایەرو شیعاری (ئەبێ كەركوك بە ناسنامە ئینسانیەكەی بناسرێتەوە) كە تۆ پێت وایە بەرگری یە لە سیاسەتی (عەرەباندن) ، دروست ترین هەڵوێستی سیاسیە كە حككع لە كەركوك دەیدات، حككع سیاسەت دەكاو لێپرسراوە بەرامبەر ژیانی خەڵك و كۆمەڵگا، تۆ لە كوێرە دێ یەكی سویدەوە لە كوێوە ئاگات لە بارودۆخی ئێستای كەركوك هەیە كە چۆنە؟! دێیت و نامەسئولانە شەرح و تەرح دەدەیت. تۆ ئاگات لێیە ناسیونالیستە كوردەكان و تاقمە توركمانەكان چ هەستێكی دوژمنكارانە لە نێو خەڵكدا بڵاودەكەنەوە، تاقمە توركمانەكان دەڵێن كەركوك موڵكی توركانە، ناسیۆنالیستە كوردەكان دەڵێن كوردی یە، حككع دەڵێت دەبێت ئەم شارە ناسنامەكەی ئینسانی بێت. كامیان ئینسانی ترە؟ دروست كردنی جیاوازی قەومی و دوژمنایەتی نانەوەو ڕێ خۆشكردن بۆ كوشتاری قەومی و دروستكردنی یوگۆسلافیایەكی تر، یان دانی ڕێگە چارەی دروست و ئینسانی بۆ ئەم كێشەیە. سیاسەتی پاكتاوكردنی ڕەگەزی لە كەركوك و ناوچەكانی تری كوردستان، بەرهەمێكی پیسی فاشیزمی بەعسە، لە ئێستادا كە بەعس نەماوە دەبێت ئەم گرفتە چارەسەربكرێت. چارەسەرەكەی بە تەقەكردنی شەوانە بەناو ماڵانی ئەو خێزانە عەرەبانەو تۆقاندنی مناڵەكانیان نیە. ئەمانە خۆیان هاتبێتن یان بەزۆر هێنابێتیانن بەرهەمی ئەم سیاسەتە فاشیستانەیەیە، چارەسەرەكەشی فاشیزمێكی تر نیە وەك ئەوەی كە تۆ ئاگایانە یان بە بێ ئاگا بانگەشەی بۆ دەكەیت.

چارەسەری ئەم كێشەیە لە ڕوانگەی حككع وبزووتنەوەی كرێكاری یەوە بەم شێوەیەیە، كە هەموو ئەو كوردانەی لە كەركوك و شوێنەكانی تری كوردستان بە هۆی سیاسەتی ( تەعریب) ەوە لە شوێنی خۆیان دەربەدەر كراون، ئەبێت نەك هەر بگەڕێنەوە شوێنەكانی خۆیان بەڵكو سەلامەتی و ژیانیشیان مسۆگەر بكرێت، بەڵام نەك هەر بە هەمان سیاسەتی بەعس واتە بە زۆرو تۆقاندن، بەڵكو بەشێوەیەك كە ئەو خێزانە (عەرەب) انەش بتوانن بە سەلامەتی بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێی خۆیان یان هەرشوێنێكی تر كە خۆیان پێیان خۆشە، هەر بۆ زانیاریت ئەو هەڵوێست و بەیاننامانەی حككع سەبارەت بەم كێشەیە كە بۆ تۆ ووشكەو قوت ناچێت تەنیا لە كەركودا دەیان هەزار تیراژی لێ بڵاوكراوەتەوەو بۆتە جێگەی پشتیوانی زوربەی هەرەزۆری خەڵكی كەركوك، هەروەها چوونە سەرەوەی خۆشەویستی و پێگەی كۆمەڵایەتی و سیاسی حككع لە نێو خەڵكدا. ئەمە ناوەڕۆكی نامەكەی ( تایەر حەسەن) ە كە زۆر ئاشكراو مەسئولانەیە. چی بكەم كە تۆ لێی تێناگەیت و خەریكە ڕەوانەی جامعەی عەرەبیشمان دەكەیت !!

پاشان تۆ ئەوەندە دڵت دەسووتێ بە كوردە ئاوارانەی كە فێری ژیانی ( نایلۆنە كەپر) و ( خانووی پەروێنە) بوون بۆ ناپرسیت باشە ئاخر ئەوانەی كە لەم ١٢ ساڵەی دووایدا ئاوارەی هەولێر و سلێمانی بوون و لەم دوو شارەشدا ( دوو پەرلـەمان) و ( دوو حكومەتی خۆیی كوردی) هەبوو، چی وای لێكردبوون كەوا ڕووت و ڕەجاڵ و لە ژێر نایلۆنە كەپر و خانووی پەروێنەدا بژین، مەگەر هەر ئەو ئاوارانە نەبوون كە لە حامیەی بێ سەقف و دیوار، بێ ئاوو كارەبا، بێ كارو پارە، ژیانیان دەگوزەراند، ئەوە شیان پێ ڕەوا نەبینین و وویستیان ڕەوانەی سەر شەقامەكانیان بكەن. هەر ئەو ئاوارانە نەبوون كە لە زمانی ( بەكر علی) یەوە هاواریان كرد ( ژیانی ناو كونە سەگمان ناوێت) ، لە لایەن هەر ئەم ناسیۆنالیستانەی ئێستاوە كە هەستی فاشیستانە لە كەركوكدا دەبزوێنن درانە بەر ڕێژنەی گوللـەو ( بەكر علی) یان بە بەرچاوی هەموو خەڵكەوە خەڵتانی خوێن كرد، بستێك زەوی كوردستانیان بۆ ئەو ( كوردە

www.kurdistannet.org

ئاوارانەی کەرکوك بە ڕەوا نەبینی، بەڵام بۆ ڕازیکردنی تورکیا دەیان پارچە زەوی کوردانەیان بەسەر تاقمە تورکمانەکاندا دابەش کرد و کردیانە موڵکی باوو باپیریان.

پاشان ئەم باسە چ پەیوەندیەکی بەو قسانەی تۆوە هەیەکە ئاخۆ سەرانی حککع لە بستێك زەوی موڵکی خودی خۆیان خۆش دەبن، یان نا. ئەمە لیکدانەوەیەکی نزمە حەمە سەعید.

لە شوێنێکی تری نامەکەتدا دەنووسیت کە هەرکەس ( ڕەخنە) لە حککع بگرێت، ئەوا بێ ٣ و ٢ حککع دەیکات بە هەواداری ڕژێمی ئێران، دۆستی ی. ن. ك یان ناسیۆنالیست.

من پێم وانیە ئەوەی تا ئێستا تۆ نووسیوتە بەرامبەر حککع خوێدابێت لە قالَبی ( ڕەخنە) تا حککع بلێت دەستت خۆش بێت یان نا، ئەم شتانەی تۆ بەرامبەر حککع زیاتر ( تەشهیر) ە نەك (ڕەخنە) . ڕەخنە مەسئولیەت نواندنە بۆ دیاردەیەك و دانی پێشنیاری دروست و پێشڕەوانەیە، ( تەشهیر) بێ ئیشیە. ئەمەی تۆ دووەمیانە.

موجاهیدین:

مەسەلەی هەڵوێست نواندن لە بەرامبەر موجاهیدین کە کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی سوپای ئەمریکا و قەتڵ و عام کردنیان و بەیاننامەی ئیدانەکردنی ئەم کارە لە لایەن حککع وە، بەداخەوە حەمە سەعید ئەمەشیانت وەك ( جەریدە) سەرپێیانە خوێندۆتەوە.

سەرەتا حککع ( داکۆکی) لە موجاهیدین نەکردووە وەك تۆ دەڵێیت، چارەنووسی موجاهیدین چی لێدێت بۆ حککع و خەڵکی ئازادیخوازی عێراق و ئێران هیچ مەسەلەیەك نیە. ئەوە ڕۆشنە کە موجاهیدین وەك هەر تاقمێکی ناسیۆنالیست و مەزهەبی دیکە، ڕێکخراوی لێدانن لە هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی و چەپی ناوچەکەو چارەنووسی هەموویان گرێی خواردووە بە چارەنووسی دەوڵەتە ملهوڕەکانی ناوچەکەوە، هەر لێرەشەوە چارەنوسی موجاهیدین بە چارەنووسی بەعسەوە بوو، بەڵام کە سوپای ئەمریکا لێیدا حککع ئەم لێدانەی ئیدانە کرد، بۆ؟ چونکە بە کورتیەکەی لێدان لە موجاهیدین ( سیاسەتی) دڵ ڕازیکردنی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو لە بەرامبەر دەستێوەرنەدانی ئێران لە کاروباری سیاسی عێراق، نەك لەبەر ئەوەی موجاهیدین وەك گاردێکی کۆماری کاری کردووە. ئەم سیاسەتی ( دڵ ڕازیکردنە) ڕەنگە دوو ڕۆژی تر لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناو خاکی عێراق بگرێتەوە. هەر ئێستا پەکەکە ترسی ئەوەی هەیە کە لەلایەن سوپای ئەمریکاو تورکیاوە لێی بدرێت! ئەمە داماویە کە تۆ ئەم هەڵوێستەی حککع بە ( داکۆکی کردن) لە لایەنێکی دژە ئازادی لێك بدەیتەوە!.

حەمە سەعید: هەڵوێست وەرگرتنی سیاسی بۆ هەر مەسەلەیەك بەمانای داکۆکی کردن نایەت لە خودی مەسەلەکە، حککع گرتنی ( ئۆچ ئالان) ی ئیدانە کرد وە داوای کرد کە ئۆچ ئالان دەبێت ئازادبکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ ئەوو حیزبەکەی جیاوازی گەورەیان هەیە. کوشت و بڕی کۆمەڵێك چەکداری ی. ن. ك لە خێڵی حەمە بە دەستی تاقمە ئیسلامیەکان، کوشتنی ( فرانسوا حەریری) یان ئیدانە کرد. هەروەها تەقینەوەکانی ئەم دووایانەلە ( سعودیەو مەغریب) ئیدانە دەکات.

حەمە سەعید گرفتەکەی تۆ لەگەڵ حککع ئەوەیە کە حککع پشت دەبەستی بە لیکدانەوەیەکی مارکسیستانەو لە بەرژوەمدیەکانی بزووتنەوەی کریکاری و خەڵکەوە دیاردەکان هەڵدەسەنگینی. تۆش بە پیی چاوی کامێرایی تەلەفیزیونەکان.

من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندەی ئاگام لە هەڵوێستەکانی تۆ بێت بە تایبەت دووای ١١ ی سێپتامبەر بەم شێوەیە بووە:

یەکەم لە ڕووداوی تیرۆریستانەی ١١ ی سێپتامبەرو هێرشی ئەمریکا بۆ سەر تالیبان بە چاوی ( الجزیرە) دۆخەکەت هەڵسەنگاندو بە قسەکانی ( بوش) ت کرد کە ووتی ( ئەوەی لەگەڵم نەبێت دوژمنمە) ، دوژمنایەتیەکەت بۆ خۆت هەڵبژاردوو شەڕی ئەفغانستان بە ( شەڕی چەوساوەکان) لە قەڵەم داو چوویتە پاڵ بن لادن و ئاوت کرد بە ئاشی ئیسلامی سیاسیدا.

دووەم: لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە ملیۆنەها خەڵك لە سەرتاسەری دنیادا بە دژی شەڕو ملهوڕی ئەمریکا هاتنە سەرجادەو ( نا) یان بۆ شەڕ ووت، تۆ ئەم جارە بە چاووی ( سی ئێن ئێن) دۆخەکەت هەڵسەنگاند و لە لاسکە شیعریکی تەڕدا هەموو ئەو خەڵکەو خۆپیشاندانانەت بە خوێنێك شوبهاند کە دەچێتە دەماری بەعسەوە.

به داخەوە تۆو چەندەهای وەك تۆ، ئەوانەی كە پڕوپاگەندەكانی سی ئێن ئێن و جەزیرە تەنیا سەرچاوەی هەڵوێستەكانیان بوون عەقڵتان پێ نەشكا كە بەعسیش بەشێك بوو لە شەڕ، حككع و خەڵكی ئازادیخواز زۆر ڕۆشنانە ووتیان ( نا بۆ بەعس، نا بۆ میلیتاریزمی ئەمریكا) . ئەمریكا بۆ سەپاندنی سیستمە تازەكەی پێویستی بە ملهوڕی و میلیتاریزمە وەكو دوو كۆڵەكەی ئەم سیستمە، هەر بۆیە پێویستی بەم شەڕە بوو، عێراق مەیدانی شەڕ بوو، ئامانجی شەڕ شتی تر بوو، بۆ ئەمریكا شەڕ لەگەڵ عێراق شەڕ لەگەڵ هەموو دنیا بوو، شەڕ لەگەڵ بێ هێز بۆ ترساندنی بەهێز بوو. بە داخەوە تۆ بەم هەڵوێستەت ئیمزات دا لەم سیستمە تازەیەی ئەمریكاو لە رووی هەڵوێستی سیاسیەوە چوویتە پاڵ چەلەبی و وەفیق سامەرائی و دەعوە و ناسیوّنالیستە كوردەكانەوە.

لە كۆتایی نامەكەتدا پرسیار لە تایەر حەسەن دەكەیت و دەڵێیت ( كاك تایەر ئەگەر پێت وایە ئەوە كوردە عەرەب دەچەوسێنێتەوە. . . . . . . . تاد!!؟؟) لە ڕوانگەی تۆوە ئەو دەستەواژەیەی كە وەك پرسیار نووسیوتەو ئاراستەی تایەرت كردووە، پێچەوانەكەی ڕاستە واتە ( عەرەب كورد دەچەوسێنێتەوە) . حەمە سەعید حەسەن ئەمە تێروانینێكی پاسۆكانەیە بۆ چەوساندنەوە.

هەموو كەس دەزانێت كە بەعس سیستمێكی دیكتاتۆریانەی حوكمڕانی بوو لە عێراقدا، نەك تەنها بۆ كورد بەڵكو بۆ عەرەبیش. حەمە سەعید، ئەوە عەرەب نەبوو كوردی دەچەوساندەوە، بەڵكو بەعس و دەزگا داپڵۆسێنەرەكانی هەر دەنگێكی نارەزایەتی هەبووایە لە بەسرەوە تا زاخۆ سەركوتی دەكردو كپی دەكردەوە. كەم ( كورد) نەبوو لەگەڵ دەزگا داپڵۆسێنەرەكانی بەعسدا كاریان دەكرد. دوژینەوەی گۆڕە بە كۆمەڵەكانی ئەم دووایيانە لە خوارووی عێراق بەسە بۆ سەلماندنی ئەم قسانە كە زوربەیان خەڵكی عەرەب زمان بوون و تاوانەكەشیان ڕەنگە تەنها ( جنێو) ێك بووبێت كە لە بەرخۆیانەوە بە بەعسیان ووتبێت. لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە فاشیستانەیەداو لەماوەی ٣٥ ساڵی حاكمیەتیدا، قوربانیەكانی ئەم ڕژێمە بە هیچ جۆرە پێناسەیەكی نەتەوایەتی و ڕەگەزی نە دەناسرانەوە. بەداخەوە حەمە سەعید پاسۆكیش نەماوە لە ئۆرگانەكەیداو بە مانشێتی گەورە ئەم قسانەت بۆ بنووسێت.

لە كۆتاییدا پێت وایە حككع كارێك دەكات كە خەڵكی ( كۆمۆنیست) وەك نازیست، فاشیست و ڕاسیست لە قەڵەم بدات.

حەمە سەعید ئەمە تۆ پێت وایە نەك خەڵك. هەمیشە بەرژەوەندی خەڵك لەگەڵ كۆمۆنیزمدایە، هەر بۆ زانیاریت پاش كردنەوەی بارەگاكانی حككع لە بەغداو ناسریەو كەركوك و موسڵ بە سەدان لە خەڵكی ئازادیخواز ڕۆژانە سەردانی ئەم بارەگایانە دەكەن و لە سیاسەت و بەرنامەی ئەم حیزبە دەپرسنەوەو داوای ئەندامێتی لەم حیزبەدا دەكەن و حككع بە ئومێدی خۆیان دەزانن.

بچۆ ئەم قسەیە بە خەڵكی گەڕەكەكانی سەورە، شوعلە و بغداد الجدیدە بڵێ كە چۆن چوون بۆ بارەگای سەرەكی لە بەغداو پێیان ووتوون، (پێمان خۆشە بارەگاكانتان لە گەڕەكەكانی ئێمەش بكەنەوە، چونكە ئێمە حەز بە چارەی ئیسلامیەكان ناكەین و ئومێدمان بە ئێوەیە) ، بزانە چیت وەڵام دەدەنەوە. بڕۆ ئەم قسەیەبە ئەندامە كۆنەكانی ( حشع) بڵێ لە خوارووی عێراق كە بۆچی ڕۆژانە ئستیقالەكانی خۆیان دەدەنە حشع و بە حككع وە پەیوەست دەبن بڕۆ بە كرێكارانی نەوتی كەركوك بڵێ كە حككع نازیست و فاشیستە بزانە چیت وەڵام دەدەنەوە.

بەلام ئەم ( ڕق) ە ئەستوورەی تۆ لە حككع بێ موو نیە، تۆ وەك كادرێكی ( كۆنی) شیوعی چونكە ( شیوعیەت) لە حشعەوە فێربوویت تا ئێستاش پێت وایە ئەوە كۆمۆنیزمە كە لە ڕووسیاو دەوڵەتانی بلۆكی شەرق هەرەسی هێناوە هەر بۆیە چاوچیسكۆو ستالین ئەخەیتە پاڵ كۆمۆنیزم و پێت وایە كۆمۆنیست جنێوە.

كاك حەمە سەعید ئەم نامەیەی دووایيت بۆ تایەر حەسەن نارۆشنی و لێكدانەوەی سەیرو بە ئەندازەیەك فاشیستیانەی تێدایە. هیوادارم لە حككع بیتەوەو خەریكی كارێكی تر بیت باشترە سوهراب دەڵێت ( چاوت بشۆو بەشێوەیەكی تر دنیا ببینە) .

**٢٠٠٣/٥/١٨**

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.